

# ئافرەتان لە دووڕێیانی داڕشتنی یاسای دژ بەخۆیان و پێداگری لەسەر مافەکانیان



**ئافرەتی کورد لە دێرزەمانەوە خاوەن پێگە و شکۆی خۆی بووە، رێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکانی هەرێمی کوردستانیش وەک زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بایەخێکی زۆریان بە دەستەبەری مافەکانی ئافرەت داوە و لە پەرلەمانی کوردستانیش چەندین یاسایان بۆ داکۆکی لە مافەکانی ئافرەت دەرچوواندووە، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانیی چالاکانی بواری مافی ئافرەتانە، ئەوەیە کە یاساکان وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێن و کەند و کۆسپی زۆری بۆ دروست دەکەن، تەنانەت جەخت لەوە دەکرێتەوە کە ئەوەندەی بایەخ بە دەرکردن و هەموارکردنەوەی یاساکانی تایبەت بە مافی ئافرەتان دەدرێ، نیو ئەوەندە گرنگی بە جێبەجێکردنیان نادرێ، رایەکیش پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە یاسا بنەڕەتییەکان و کەلتوور و دابونەریت و تێگەیشتنی کۆمەڵگە لە پێگەی ئافرەت لاوازن، بۆیە تا هەنووکەش مافەکانی ئافرەتان لە کوردستانی خاوەن شارستانییەت پێشێل دەکرێن و بەردەوام ئافرەتان رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، روانگەیەکی دیکەش باسی ئەوە دەکات کە ئافرەتان خۆیان لە داڕشتنی یاساکان بەشدارن و لە دەستەبەری مافەکانیان کەمتەرخەمی دەکەن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان زیاتر شەن و کەوی ئەو پرسە گرنگە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



بەهزاد سەلیم، مامۆستایە لە زانکوی پولیتەکنیکی هەولێر و سەبارەت بە تەوەری ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان دەڵێت: «ئێمە هەندێ یاسای باشمان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، بەڵام وەک خۆی جێبەجێ ناکرێن، بۆیە رێژەی تاوانی ژنکوژی و پێشێلکردنی مافەکانیان زۆرە، بەڵام ئەگەر سەیری دۆخی ژنان بکەین، دەبینین لە وڵاتانی پێشکەوتووش بە هەمان شێوەی کوردستان بەکارهێنانی توندوتیژی و پێشێلکردنی مافەکانی ژنان بوونی هەیە، بەڵام بە رێژەیەکی زۆر کەمترە، چونکە یاسا سەروەرە و وەک خۆی جێبەجێ دەکرێت.»

ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە رایوایە: «لە کوردستان یاسای باشمان هەیە بۆ پاراستنی ژنان لە توندوتیژی، بەڵام یاسا بنەڕەتییەکان کە ئەرك و ماف دیاری دەکەن، لە یاسا کۆنەکانی عێراق هاتوون، تێیدا ژن مافەکانی بەراورد بە پیاو لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، وەك یاسای میرات، زەواج، جیابوونەوە، خاوەندارێتی و .. هتد.» نموونەشی بەوە هێنایەوە کە «یاسای ژنکوژی لە کوردستان کە تا ئەم دواییانە کاری پێدەکرا، یاسایەکی کۆنی عێراق بووەو لە زانکۆکانیش دەخوێندرا، ئەو یاسایەش ماددەی ٤٩ی سزادانە لە تاوانی ژنکوژی کە ساڵی ١٩٦٩ لە عێراق دەرچووە و بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە کاری پێ کراوە و یاساکە ناڕاستەوخۆ رێی بە ژنکوژی داوە. یاساکە دەڵێت: (هەر کەسێك هاوسەرەکەی، یان یەکێك لە مەحرەمەکانی لە حاڵەتی زیناکردن، یان لەگەڵ پیاوێك لەژێر یەك پێخەفدا ببینێت و دەستبەجێ کوشتی، یان دەستدرێژی کردە سەر هەردووکیان، یان یەکێکیان و ئەو دەستدرێژییە بووە هۆی مردن، یان نەخۆشییەکی درێژخایەن، ئەوا سزا دەدرێت بە حەبسکردن کە لە ماوەی سێ (٣) ساڵ زیاتر نەبێت). بەڵام ئەمە لە کاتێکدایە کە بۆ ژن، ئەگەر پیاوەکەی لەگەڵ کەسێکدا ببینێ و بیکوژێ، ئەوا حوکمەکەی سێدارەیە، یان بەلایەنی کەمەوە زیندانی هەتاهەتاییە. ئەمە نایەکسانییەکی زۆر گەورەیە کە بۆتە هۆی دەستکراوەیی پیاوان لە ژنکوژی.» گوتیشی: «دیار و روونە کە لە کوردستان دوای هەر ژنکوژییەك لە کۆتاییدا ماف بۆ پیاوە و هەموو شتێك لە دژی ژن، یان کوژراو دەبێت. ئەوەش بەو مانایە دێت کە یاسا بنەڕەتییەکان و کەلتوور و تێگەیشتنی کۆمەڵگە هەمووی لە دژی ژنە و ژنانیش خۆیان بەشدارن لە داڕشتن و قبووڵکردنی ئەو یاسا شەرعی و کۆمەڵایەتییانە، چونکە هەر ژنانن کە ئەو ژنکوژانەیان گەورەو پەروەردە کردووە. هەروەها رۆشنبیران و دەزگاکانی

**یاسای باشمان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بەڵام وەک خۆی جێبەجێ ناکرێن، بۆیە رێژەی تاوانی ژنکوژی و پێشێلکردنی مافەکانیان زۆرە**

**لە وڵاتانی پێشکەوتووش بە هەمان شێوەی کوردستان بەکارهێنانی توندوتیژی و پێشێلکردنی مافەکانی ژنان بوونی هەیە، بەڵام بە رێژەیەکی زۆر کەمترە، چونکە یاسا سەروەرە و وەک خۆی جێبەجێ دەکرێت**

**لە کوردستان یاسای باشمان هەیە بۆ پاراستنی ژنان لە توندوتیژی، بەڵام یاسا بنەڕەتییەکان کە ئەرک و ماف دیاری دەکەن، لە یاسا کۆنەکانی عێراق هاتوون، کە ئەوانیش لە شەریعەتی ئیسلامەوە وەریان گرتووە و تێیدا ژن مافەکانی بەراورد بە پیاو لە ئاستێکی زۆر نزمدایە**

**لە کوردستان دوای هەر ژنکوژییەک لە کۆتاییدا ماف بۆ پیاوە و هەموو شتێک لە دژی ژن، یان کوژراو دەبێت. ئەوەش بەو مانایە دێت کە یاسا بنەڕەتییەکان و کەلتوور و تێگەیشتنی کۆمەڵگە هەمووی لە دژی ژنە و ژنانیش خۆیان بەشدارن لە داڕشتن و قبووڵکردنی ئەو یاسا شەرعی و کۆمەڵایەتییانە**

**ڕۆشنبیران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانیش نەیانتوانیوە لە ڕۆشنبیرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ و یەکسانیی ڕەگەزی ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕن**

**لە پاش ڕاپەڕینی کوردستان تا ئێستا و لە هەموو بوارەکاندا ژن ڕۆڵی زیاتر دەگێڕێت لە کۆمەڵگەدا و گورزی کوشندەی لە پیاوسالاری داوە**

ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانیش نەیانتوانیوە لە ڕۆشنبیرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ و یەکسانیی ڕەگەزی ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕن.» هۆکارێکی دیکەی تاوانی ژنکوژی بۆ ئەو کرانەوەیەی کۆمەڵگەی لە پاش ڕاپەڕین گەڕاندەوە و لەو بارەیەوە گوتی: «لە پاش ڕاپەڕینی کوردستان تا ئێستا و لە هەموو بوارەکاندا ژن ڕۆڵی زیاتر دەگێڕێت لە کۆمەڵگەدا و گورزی کوشندەی لە پیاوسالاری داوە، واتە پیاوی نەریتی هەست بە مەترسی دەکات و بریندار بووە و ئەو واقیعەی پێ هەزم ناکرێت و ناتوانێت قبووڵی بکات کە ژنیش دەتوانێت لەگەڵ ئەو بڕیار بدات و دژی بووچونەکانی ڕابوەستێ.»

پارێزەری ڕاوێژکار ئەردەلان ئەحمەد ڕەشید، سەبارەت بە هەمان پرس هێما بۆ ئەوە دەکات کە «یاساکانی کوردستان لە ڕووی داڕشتن و ناوەڕۆکەوە یاسای زۆر باشن و ڕادەی جێبەجێکردنیشی تا ئاستێك دیارە، هاوکات مافی ئافرەت وەکو مرۆڤ پارێزراوە، بەڵام لە جێبەجێکردنی هەندێ ڕێگری هەیە لەوەی ئافرەتان زوو بگەنە مافەکانیان، بەتایبەت ئەو مافانەی پەیوەستن و بە ماڵ و پارە، لەبەر ئەوەی یاسای باری کەسیی عێراقی کە ئێستا لە کوردستان کاری پێدەکرێت، سەرچاوەکەی شەریعەتی ئیسلامیە و تەڵاق بە دەستی پیاوە و بە دەستی ئافرەت نییە، پیاو هەر کات بیەوێ بۆی هەیە بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی ژنەکەی تەڵاق بدات، بەڵام ئافرەتەکە بیەوێ لە هاوسەرەکەی جیا ببێتەوە، دەبێ سەرەتا داواکاری پێشکەش بکات و بەڵگەی زۆر تەواو موقنیع پێشکەش بە دادگا بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ دادگا بگەینێتە ئەو قەناعەتەی کە بەردەوامبوونی ژیانی هاوسەری لەگەڵ هاوسەرەکەی ئەستەم بووە، ئەوەش شایەد و بەڵگەی نووسراو و ڕاپۆرتی پزیشکی و کۆمەڵێ کاری زۆر زەحمەتی دەوێت. لەلایەکی دیکەوە ڕۆڵی داواکاری گشتی لە دادگاکان سست و لاوازە، ئەویش پەیوەستە بە یاسای داواکاری گشتی کە ئەو یاسایە وایکردووە داواکاری گشتی دەسەڵاتێکی زۆری نەبێت و ئەوەش ڕێگرە لەوەی ئەوان وەکو پێویست ڕۆڵی خۆیان ببینن، بەڵکو دەسەڵاتەکان دراونەتە دادوەرەکان.»

تانیا جەمال چالاك لە بواری مافەکانی ئافرەت، بەمجۆرە شرۆڤەی پرسەکە دەکات: «دوو هۆکاری بەرچاو هەیە کە یاساکان لە کوردستان وەك خۆیان جێبەجێ ناکرێن، بەتایبەتیش یاساکانی تایبەت بە ئافرەتان، یەکێك لەو هۆکارانە نەبوونی نییەتی جددییە لەلایەن دامەزراوە و دەزگاکانی حکومەت، بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەندیدارن بەو پرسە و تا ئەو ساتەش دەزگاکانی حکومەت و حاکم و دادوەرەکان زۆربەیان باوەڕیان بە یەکسانیی ڕەگەزی نییە و تەنیا ئافرەتان بە هۆکاری کێشەکان دەزانن و وادەزانن پرسی ئافرەت تەنیا بۆنە و قسەو دروشمی بریقەدارە لە ڕاگەیاندن و بۆنەکاندا، هۆکاری دووەم کۆمەڵگە و ئەو شێواز و نەریتە باوەیە کە بەردەوام بۆ چارەسەری کێشەکان پەنا بۆ سوڵح و ڕێککەوتنی عەشایری و خێزانەکان لە نێوان خۆیاندا دەبرێت و تا ئێستاش سەرۆك عەشیرەتێك بەقەدە دادگا کێشەی لا چارەسەر دەکرێت، ئەوە جگە لە بێهوودەیی و لاوازیی بڕوای ئافرەتان بە خۆیان و بە دادگاکان و شەرمکردن لە چوونە دادگا و ترسان لە نهێنیی هەڵماڵین و سەرزەنشتکردنیان بەو هۆکارە.»

توێژەری کۆمەڵایەتی لەتیف حوسێن، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هەمووان دەزانین لە کوردستان نەك بۆ مەسەلەی پاراستنی مافی ئافرەتان، بەڵکو بۆ زۆرێك لە بابەتەکانی دیکەش یاسای باش و جوانمان هەیەو کێشە لە یاسادا نییە، بەڵام ئەوەی کە هەیە تێنەگەیشتنی ئێمەیە بۆ گرنگیی جێبەجێکردنی یاسا لە وڵاتدا، ئەمە جگە لە دروستنەبوونی گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەو دیدگای ئێمە بۆ ئەو کێشانەی کە یاسا دەیەوێت پارێزگاری لێ بکات. کێشەی ژنان و توندوتیژی و کوشتن و خۆکوشتنەکان، هەموو ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، سەرباری ئەوەی بە یاسا دەمانەوێت ڕێگری لێ بکەین، چەندین ڕێکخراویش لەم بوارەدا کار دەکەن، کەچی نەمانتوانیوە توندوتیژی دژی ئافرەت کەم بکەینەوە و پارێزگاری لە مافەکانیان بکەین، هۆکارەکەی لە ڕاستیدا ئەوەیە کە هۆشیاری و تێگەیشتنمان نییە بۆ یاساکان و دیدگای ئێمەش بۆ ئافرەتان نەگۆڕاوە، واتە لەسەر ئەرزی واقیع هێشتا ژینگەی کۆمەڵایەتیمان فەراهەم نییە و نەمانتوانیوە فەراهەمی بکەین تا یاسا ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگەدا وەك ڕێگەیەك بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە ببینێ، لەوەش خراپتر جێبەجێکردنی یاسا تەنیا بۆ کۆمەڵێك خەڵکە و بەشێکی زۆری لێی دەرباز دەبن، بۆیە تا ئیستا نە یاسا توانیویەتی ڕۆڵی هەبێت، نە داواکاری گشتی.»

بڵند نەورەس مامۆستایە لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین و ئەویش یەکێکە لەو هەزاران کەسایەتییەی کە ڕایان وایە «لە کوردستاندا هێزی دروستکردنی یاسا هەیە، بەڵام هێزی جێبەجێکردنی لاوازە»، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «لاوازیی هێزی جێبەجێکردنی یاساکان ناگەڕێتەوە بۆ لاوازیی ویست، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك لەمپەر کە لەبەردەم جێبەجێکردنی یاساکاندا دانراون. یاساکانی تایبەت بە پرسی ئافرەتان یاسای باشن بەگشتی، بەڵام نەگونجێندراون لەگەڵ کەش و واقیعی کۆمەڵگەدا. پیاوسالاری و دابونەریت و ئایین و نەخوێندەواری و نەبوونی وشیاری ئەو لەمپەرە گەورانەن کە یاساکانیان

لە چوارچێوەی دەقدا هێشتۆتەوە. کاتێك پیاوێك بڕیار دەدات تاوانێك دەرهەق بە ئافرەتێك ئەنجام بدات، یان ئازاری ئافرەتێك بدات، یان سووکایەتی پێ بکات، یاسا ناتوانێت ڕێگری لێ بکات، بەڵکو دەتوانێت سزای بدات، ئەویش لە هەندێك ڕووداودا، چونکە کەسی ئازاردەر کە پیاوە بەهایەکی بەرزتری لا هەیە لە یاسا، ئەو بەهایەش دابونەریت و کەلتوورە. بۆیە ئەگەر بمانەوێت یاساکانمان کاریگەر و بەهێز بن، مەرجە بەر لە دەرکردنی هەر یاسایاك ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونییەکانی لەبەرچاو بگیرێت و باشترین شیکردنەوەو ناساندنی بۆ بکرێت لەلایەن پسپۆڕانەوەو لە پانتاییەکی فراواندا کۆمەڵگەی پێ هوشیار بکرێتەوە.»

ئەو مامۆستایە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «هوشیاری قۆناغی بەر لە دەرکردنی یاسایە و دەبێت لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگەدا بگونجێت. کەواتە یاساکان دەبێت بۆ هەموو خەڵك بێت و چاوپۆشی لە کەسێك و لایەنێك و کەیسێك نەکات و هەموو بە تەرازوی یاسا بپێوێت.»

یاسا هەموارکراو و دەرچوێندراوەکان لەهەرێمی کوردستان ئەمانەن:

١- یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠١) تایبەت بە قەدەغەکردنی ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا و سزادانی پیاو لە کاتی ئەنجامدانی.

٢- یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠١) تایبەت بە هەموارکردنی ماددەی (٤١) لە یاسای سزادانی عێراقی کە بۆ پیاو نییە بە لێدان ژنەکەی تەمبێ بکات.

٣- یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠١) تایبەت بە قەرەبووکردنەوەی ئافرەت لە تەڵاقی ستەمکارانە لە ئەنجامی هەڵسانی پیاو بە تەڵاقدانی ژنەکەی بە ستەمکارانە.

٤- یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠١) تایبەت بە سزادانی مێردی داوێنپیس بە هەمان سزای ئافرەتی داوێنپیس.

٥- یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠١) تایبەت بە ڕاگرتنی کارکردن بە ڕێگەپێدان بە ئەنجامدانی هاوسەرگیری دووەم، بەبێ ڕەزامەندیی دادگا، ئەگەر هاتوو ئەوەی دەیخوازێت بێوەژن بوو .

٦- یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٢) تایبەت بە سزادانی بکوژ بە بیانووی پاڵنەری ئابرووپارێزی.

٧- یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٧) تایبەتە بە جێبەجێنەکردنی دادکارییەکانی لێبوردنی گشتی لەسەر ئەو تاوانبارانەی ئەو تاوانانە ئەنجام ئەدەن: (دەستدرێژی سێکسی و نێربازی و داوێنپیسیکردن لەگەڵ پێ نەشیاوەکان و کوشتن لەسەر مەسەلەی ئابڕوو).

٨- یاسای ژمارە (١٥) ساڵی (٢٠٠٨) یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.

٩- زۆرلێکردنی مێرد لە ژنەکەی لەسەر لەشفرۆشی و داوێنپیسیکردن ئەوا پیاوەکە بەپێی مادەی (٧) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی کوردستان سزا دەدرێت .

١٠- ئەگەر پیاو ژن ناچار بکات لەسەر وازهێنان لە فەرمانبەریەتی یان لەکارکردن بە بێ ڕەزامەندیی خۆی پیاوە کە بە پێی مادەی(٧) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە(٨)ی ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی کوردستان سزا دەدرێت.

١١- ئەگەر پیاو هانی ئەنجامدانی کردەوەی خەتەنەکردنی مێینە بدات، یان ئەنجامی بدات، سزا دەدرێت بەپێی مادەی(٦) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) لە هەرێمی کوردستان.

**پیاوی نەریتی ئەو واقیعەی پێ هەزم ناکرێت و ناتوانێت قبووڵی بکات کە ژنیش دەتوانێت لەگەڵ ئەو بڕیار بدات و دژی بووچونەکانی ڕابوەستێ**

**یاساکانی کوردستان لە ڕووی داڕشتن و ناوەڕۆکەوە یاسای زۆر باشن و ڕادەی جێبەجێکردنیشی تا ئاستێک دیارە، هاوکات مافی ئافرەت وەکو مرۆڤ پارێزراوە**



# ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکان NGO لە بەهێزکردن و تواناسازیی ئافرەت

## بەشی پێنجەم و کۆتایی

پرۆگرامی هاوبەشیکردن لە هەر هەوڵێك کە لەلایەن دەسەڵاتدرانی دەوڵەت و NGOs پێکەوە لە پێناو ژیانێکی باشتر بۆ تەواوی کۆمەڵکە لەگەڵ بەشداریکردنی چالاکانەی ئەندامانی کۆمەڵکە.

چەمك و جەوهەری توانامەندسازی پرۆسەی لەخوارەوە بۆ سەرەوەیە، لە بری ئەوی دابنرێت لە ستراتیژی لە سەرەوە بۆ خوارەوە.

تێگەیشتن لە چەمکی توانامەندسازی لەم ڕێگەیەدا مانای وایە دەزگاکانی گەشەپێدان ناتوانن گەشەپێدانی ئافرەتان مسۆگەر بکەن، بەڵکو دەبێت ئافرەتان خۆیان بەهێز بکەن. دەزگاکانی گەشەپێدان وەك NGOs لە دۆخێکی دیاریکراودا دەتوانن ڕۆڵ ببینن لە توانامەندکرنی ئافرەتان و کارئاسانیکردن بۆیان، دەتوانن دڵنیا بن کە پرۆگرامەکانیان بۆ توانامەندسازیی ئافرەتان بەسوودە لە ڕێگەی هاندان بۆ بەشداریکردن، گەشەپێدانی کارامەیی و دەبێت توانای بڕیاردان و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانیان هەبێت.

هاینارد و ڤیرچور لەساڵی ٢٠٠١ ئەوەیان دوپات کردۆتەوە کە توانامەندسازی دەبێت پرۆسەیەك بێت بۆ گەشکردنی کارامەییەکانی دانوستان لە خوارەوە بۆ سەرەوە لەگەڵ ئامانجی سەرەکی کە گەیشتنە بە یەکسانی لە دابەشکردنی دەسەڵاتدا. بە مانایەکی دیکە توانامەندسازیی ئافرەتان هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی پەیوەندییە نایەکسانەکانی دەسەڵات و بەرهەمهێنانی مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان.

ڕۆناڵد لە ساڵی ١٩٩٧پێناسەی توانامەندسازی کردووە، وەك پرۆسەی لە خوارەوە بۆ سەرەوە و ناتوانرێت لە سەرەوە بۆ خوارەوە دابنرێت. ئەو پرۆسەیە کە هەوڵدەدات بۆ بەشداریکردنی پەراوێخراوەکان و بێتواناکان کە ناتوانن بە شێوەیەکی کاریگەرانە بەشداریان بکەن، ئەگەر نەهجی لە سەرەوە بۆ خوارەوە پیادە بکرێت. توانامەندسازی ناتوانرێت لە دەرەوە بسەپێندرێت، هەرچەندە هاوکاریی دەرەکی گونجاوە و هاندانی دەبێت. کە داواکاری نەهجێکی ئاسانکار و هەڵوێستی ڕێزگرانەیە کە دڵنیایی بدات خەڵك لەوەی کاریان لەگەڵدا دەکات. فەرمانەکانی NGOs

لەم بەشەدا گفتوگۆ لەسەر کارەکانیNGOs دەکرێت، کە دەست کەوتووە و دوای پێداچوونەوە بە چالاکییەکانی NGOs و لێکۆڵینەوە لە دیدو پەیامەکانیان. لەم لێکۆڵینەوەدا چوار فەرمان خراوەتەڕوو کە بریتین لە:

گەشەپێدانی توانای تاك، فەرمانە فێرکاری و ڕۆشنبیریەکان، بنیادنانی وشیاری و کۆکردنەوەی ئافرەتان بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەکان.

١- گەشەپێدانی توانای تاك، گرنگی دەدات بە پێویستیی گەشەپێدانی توانا شاراوەکانی ئافرەتان، NGOs هەندێ ڕۆڵ و چالاکییەکانی دیاریکردووە وەك گەشەپێدانی تاك وەك ڕێزگرتنی خود، بڕیاردان دەربارەی خۆیان و خێزانەکانیان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دیاریکردنی کەسایەتیی ئافرەتان .

٢- فەرمانە فێرکاری و ڕۆشنبیرییەکان، ئەو پرۆگرام و پرۆژانە دەگرێتەوە کە ڕێکخراون لەلایەن NGOs بۆ گەشەپێدان و توانامەندسازیی ئافرەتان. بە واتایەکی دیکە زۆرێك لە ڕۆڵ و چالاکییەکان دەگرێتەوە، وەك پرۆگرامە ڕۆشنبیرییەکان و فێرکردنی کارامەیی لە زەمینە جیاوازەکاندا کە لەلایەن NGOs ئەنجام دەدرێت.

٣- بنیادنانی وشیاریی کۆمەڵ، گرنگی دەدات بە زیادکردنی زانیاریی ئافرەتان دەربارەی حاڵیان لە ناو کۆمەڵ و کۆمەڵگە لە ڕێگەی ئەنجامدانی چالاکییەکانی NGOs، کە دەبێتە هۆی بەزرکردنەوەی ئاستی وشیاریی ئافرەتان و کۆکردنەوەی زانیاریی زیاتر دەربارەی خۆیان و گرفتەکانیان و دۆزینەوەی ڕێگا چارەکان بۆ گرفتەکانیان.



ئیراد منوچر سان ئەحمەد

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

٤- فەرمانی کۆکردنەوەی ئافرەتان بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەکان و کۆکردنەوەی ئافرەتان کە هانیان بدات بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە پرۆژەکان کە ڕێکخراوە لەلایەن کۆمەڵەکەوە. ئافرەتانیش لە ڕێگەی بەشداریکردن لە پرۆژەکاندا ئەکتیڤ دەبن و دواتر دەتوانن لە ناو کۆمەڵ و کۆمەڵگەادا ڕۆڵی گرنگ ببینن.

**دەرئەنجام و گفتوگۆ**

دەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە دەخاتەڕوو کە NGOs بەشداری دەکەن لە توانامەندسازیی ئافرەتان و دەتوانن ڕۆڵی گرنگ ببینن لە کۆمەڵەکەدا بۆ باشترکردنی ژیان و حاڵیان کاتێك نەهج و ستراتیژییەکان بەکاردەهێنن وەك لە خوارەوە بۆ سەرەوە، هەروەها هاوبەشیکردن لە سەرەوە بۆ خوارەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی (فۆنجۆن ڵی ٢٠٠١) لە وڵاتی کامیرۆن و (کاملا راج ٢٠١١) لە وڵاتی ئێران، ڕێگە، یان ستراتیژیی لە خوارەوە بۆ سەرەوە کاریگەرە بۆ ئاراستەکردنی توانامەندسازیی ئافرەتان. چونکە ئافرەتان دەتوانن گرفتەکانیان دەستنیشان بکەن و چارەسەریان بۆ گرفتەکانیان هەبێت، لە ڕێگەی ڕێکخستن و بەشداریکردنی پێکەوە لەو چالاکییانەی کە گەشەی پێدراوە لەلایەن NGOs و حکومەت و لایەنەکانی فەراهەمکردنی هاوکاری کە تەنیا ڕۆڵیان وەك ناوەندێکی راوێژکاری دەبێت.

بە مانایەکی دیکە ڕۆڵی کاریگەر لە گەشەپێداندا تەنیا کۆمەڵەکە خۆی بووە، ئەمەش لەلایەن سەرچاوە چاپ کراوەکانەوە پشتیوانی لێ کراوە.

هاوشێوەی ئەوە(ئۆکزاللا و بایدین) لە ساڵی ١٩٩٧ تێبینییان کرد کە توانامەندسازی لە جەوهەردا پرۆسەی لە خوارەوە بۆ سەرەوە لەوەی کە دابنرێت لە ستراتیژیی لە سەرەوە بۆ خوارەوە. هەروەها ئەمە پشتگیری دەکرێت لەلایەن لێکۆڵینەوەی (هاینارد و ڤیرچور) لە ساڵی ٢٠٠١ کە جەختیان کردۆتەوە لەسەر ئەوەی توانامەندسازی دەبێت پرۆسەیك بێت بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی دیالۆگ لە خوارەوە بۆ سەرەوە.

لە ڕوانگە و ڕۆشنایی ئەو لێکۆڵینەوانە و ئەو بەدواداچوونانەی کراوە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا خراوتەڕوو، باشترین نەهج و ستراتیژ کە بەکاربهێنرێت لە هەرێمی کوردستان بۆ توانامەندسازیی ئافرەتان، نەهجی لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە، چونکە ئەم نەهجە بەشداریکردن تێیدا ئەکتیڤ و دینامیکییەو تاک خۆی بڕیاردەدات و بەرزترین ئاستی توانامەندسازی بەدەست دەهێنێت.

لە دەرەنجامدا ئەم لێکۆڵینەوەیە لەو بڕوایەدایە کە توانامەندسازیی ئافرەتان کلیلی ستراتیژیی پرۆسەی گەشەپێدانە، کە دەتوانرێت لەو ڕێگەیەوە پێگەی ئافرەتان باشتر بکرێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی هەیە بە ڕۆشنبیری و تەندروستی و هەلە ئابوورییەکان کە ئەمانە ئامانجی باڵان بۆ ئافرەتان و دەبێت پشتیوانییان لێ بکرێت، بۆ بەهێزکردنی توانای بڕیاردان و زانیاری و کارامەیی و باوەڕبەخۆبوون بۆ ئەوەی ببێتە هاوکارێکی تەواو لە پرۆسەی گەشەپێداندا.

لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی NGOs سیمایەکی نوێی کارکردنیان هەیە بۆ باشترکردنی پێگە ئافرەتان، ئەوەشی لەم لێکۆڵینەوەیە دەست کەوتووە، ئەوەیە کە توانامەندسازیی ئافرەتان لە ڕێگەی لە خوارەوە بۆ سەرەوە زیاترە لە دوو ڕێگەکەی دیکە لە پرۆسەی توانامەندسازیی ئافرەتاندا، ئەمەش مانای وایە لە نێو ئەو ڕێگایانەی کە NGOs گرتوویانەتە بەر، ڕیچە و ڕێگای لە خوارەوە بۆ سەرەوە زۆرترین کاریگەری بۆ بەدەستهێنانی توانامەندیی تاك و کۆمەڵ هەیە.